# جنێو دریادەیەکی کۆمەڵایەتییە یان دەربڕینی هەڵچوونێکی سایکۆلۆژییە

**جنێودان وەکو دیاردەیەکی نەشیاو و نەشیاسیتە یاخود بڵێین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو هەموو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، ئەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمەش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە بوونی هەیە، ئەوەش زۆرجار وەکو ترساندن یاخود سوکایەتی پێکردن یان وەکو گاڵتە و گەپیش زۆر کەس بەکاری دەهێنن، ئەوەش رادەوەستێتە سەر ئاستی رۆشنبیری تاکەکان، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، لە راستیدا لەوانەیە ئەو کەسەی جنێو دەدات حاڵەتێکی دەروونی هەبێت و خۆی درك بەو راستیە نەکات، یاخود ئەو کەسە لەکاتی خۆیدا رەنگە باش پەروەردە نەکرابێ یان لە بارێکی ئاوادا ژیانی بردۆتە سەر پڕ لە مەینەتی بووە و تووشی سەدان کەسی خراپ هاتووە فێریان کردووە، یان هەر لە منداڵیەوە نێردراوەتە دەرەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکراوە کە لە دەرەوە چی دەکات و چی ناکات و فێری چی بووە، هەوڵ دەدەین لەم ریپۆرتاژەدا ئەم کولتوورە بخەینە بەرباس و چەند چین و توێژێکی جیا جیا بدوێنین:**



**جنێو گوزارشتێکی دەروونییە**

**ئەحمەد سەعیدی شاگرد وتی:** لەلایەن ئێمەوە زۆر شت هەیە بە جنێودان چارەسەر دەکرێت، چونکە ئیشی ئێمە تورەبوونی تێدایە لە کاتی تورەبوونیش بێگومان چ بێتە سەر زمانمان دەیلێین، لە هەمان کاتیشدا ئێمە تورە نابین بەو جنێوە گاڵتە ئامێزانە، چونکە هەموو رۆژێك بەیەکەوەین تا ئێوارە وەکو رێزگرتنێك هەتاوەکو ئێستا جنێوم بە وەستا نەداوە، چونکە کاتێك جنێویش دەدات لەبەر مەسڵەحەتی منە، بەلامەوە شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە خومان پێوە گرتووە.

**بەختیار حەمەدئەمین دوکاندار وتی** "بە رای من لەناو هەموو کۆمەڵگەیەك چ رۆژهەڵاتی چ رۆژئاوایی دیاردەی جنێو دان هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەیە لەوە بەدەر نییە کە ئەو دیاردەی تێدا هەیە، جنێودانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، رۆشنبیری کەسەکەش لەو بارەیەوە دەوری خۆی هەیە، هۆکاری دەروونیش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، بۆ نموونە کەسێك لە ماڵەوە تووشی تورە بوون دێت، یاخود هەر شتێکی بەسەر بێت، ئەوا رەنگە نەتوانێ لە ماڵەوە بە جنێودان ئەو تورەبوونەی خۆی دەرببڕێت، ناچارە لە دەرەوە جنێو بدات، وتیشی "زۆر کەس هەن جنێودان وەکو ناولێنانێك بۆ یەکتر بەکاردێنن، هیچ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو جنێوە خراپە". لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشدا "لە ناو دوکاندارەکان بەشێوەیەکی وا باو نییە کە شیاوی باسکردن بێت، هەندێکجاریش لە موشتەری تورەش دەبین، بەڵام ناگەینە ئەو حاڵەتەی کە جنێو بدەین، لەوانەیە لە ناو دڵی خۆمان جنێوێك دروست ببێت، بەڵام دەری نابڕین کە هەستی کەسی بەرامبەر بریندار بکەین".

**د.مسعود حوسێن لە کۆلێژی زانست لەم بارەیەوە وتی** "ئەو تاکەی کە جنێو دەدات ئاستی رۆشنبیری نزمی هەیە و چەند پاڵنەرێکی هەیە. لەوانەیە خۆی بەکەم بزانێ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیەی خۆی جنێو بدات، جاری وا هەیە ئاستی دەروونی زۆر نزمە وەکو حاڵەتێکی کۆمیدی جنێو دەدات یا لەژێر پاڵە پەستۆیەکی بەهێز دایە و جنێو دەدات"، وتیشی "ئەگەر تەماشا بکەین جنێودان لە نێو هەندێ توێژی ناو کۆمەڵگە یاخود چینی هەرزەکاران زیاتر باوە، ئەم رەفتارە چارەسەری هەیە، ئەویش لە دایەنگەوە دەستپێدەکات، منداڵ فێر بکرێت جنێو نەدات دواتریش مامۆستایانی ئایینی دەبێت لە وتارەکانیان گرنگی بەو بابەتە بدەن و بۆ خەڵکی روون بکەنەوە کە ئەمە کارێکی خراپە و لە رووی ئایینیەوە رێگە پێنەدراوە". د.مسعود هێمای بۆ ئەوەش کرد لەم چەند ساڵەی دواییدا دیاردەیەکی زۆر ترسناك پەیدا بووە، ئەویش بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە سیدیە بازاڕیانەیە کە بە راستی قسەو حیوارەکانیان لەلایەن منداڵ و مێرد منداڵەکان دەوترێتەوە کە قسەکانیان هەمووی جنێوە، وتیشی "زۆر کاریگەرشی هەیە بەسەر خوڕەوشتیان، یانیش تێبینی دەکرێت لە کاتی دۆبلاژکردنی فیلم یان زنجیرە دراما بۆ کوردی جنێویان زۆر تێدەکرێت، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی بەسەر بینەر دەبێت، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن بە تایبەتی بیستراو بینراو دەگەنە گوێ و چاوی هەموو کەسێك، بۆیە داواکارم لە وەزارەتی رۆشنبری سانسۆرێك دابنێت لەسەر ئەو دەزگا راگەیاندنانە نەهێڵێت ئەو بەرهەمانە پەخش بکرێن کە بەگشتی زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە"، لە کۆتایی قسەکانیدا وتیشی "کاتێکی زۆر دەخایەنێت هەتاوەکو ئەو رەفتارە کەم ببێتەوە".

**ئەحمەد جەبار وەستای نەجار وتی** "جنێودان لەلایەن ئێمەوە تەنیا بۆ خۆشییە، ئێمە لەکاتی جنێودان ڕەچاوی ئەوە دەکەین هەموو جنێوێك شیاوی وتن نییە، بەڵام هەندێکجار گاڵتە دەکەین و هەندێ وشەو دەستەواژە بەکار دەهێنین دەمانەوێت خۆشەویستیمان بۆ ئەو کەسە دووپات بکەینەوە، بۆیە سووکە جنێوی گاڵتەئامێز بەکار دەهێنین، بەڵام هەندێکجاریش لە کەسێك تووڕە دەبم رك و قینەی خۆم بە جنێو دەردەبڕم، ئەو کەسە بچووکدەکەمەوە وا دەکەم کەسایەتی لاواز بێت لەبەر چاوم".

**مامۆستا رابەرێکی پەروەردەییە دەتوانێ ببێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە**

**ئاڤان کەریم مامۆستای ناوەندی لەمبارەیەوە وتی** "توێژی مامۆستا یەکێکە لە توێژە هەرە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە، چونکە هەر مامۆستایە نەوەی نوێ پێدەگەیەنێ، ئەو نەوەیە پەروەردە دەکات و ئەو شتانەیان فێر دەکات تاوەکو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوودی لێ وەرگرن، ئەگەر هاتوو مامۆستاش لە پێش چاوی قوتابییەکانی قسەیەکی وایکرد جوان نەبوو، یاخود قسەی ناخۆشی بە یەکێك لە قوتابییەکانی وت، ناکرێت بڵێین جنێودان، چونکە ئەمە لەگەڵ ناوی مامۆستا ناگونجێ جنێو بدات، ئەوا هەموو قوتابیەکانی پێیان شتێکی سەیرە و هەموو قسەکانی هەڵدەگرنەوە، وتەیەکی دەروونناسان هەیە دەڵێت (فێربوون لە بچووکیدا وەك ئەوە وایە نەخشێك لەسەر بەردێك بکێشی) واتە منداڵ ئەگەر لە بچووکیدا چۆن پەروەردە بکرێت هەر ئاوا دەبێت، تەنانەت ئەگەر گەورەش ببێت، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت ڕەوشتی تێك بدات و فێری جنێو و قسەی خراپی بکات"، وتشی "ناتوانین بڵێین تەنیا مامۆستا دەتوانێت ئاگاداری قوتابییەکانی بێت کە قسەی ناشیرین نەکات، چونکە ئەو چەند کاتژمێرەی کەلە قوتابخانەیە لەوانەیە شێوازی قسەکردنیان بگۆڕن و مامۆستا هەر هەستی پێنەکات ئەو قوتابییە چۆنە لە دەرەوە و چی دەکات و چی ناکات"، لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی "ئەوەی زیاتر ئەرکی لەسەرە، ماڵەوەیە ئەو زیانە لە ماڵەوەیە و لەوێ زیاتر تێکەڵی خەڵکی جۆراو جۆر دەبێت، باش و خراپ هەر ئەو جۆرە کەسانەن لەوانەیە لە ناویاندا جنێو بەیەکتر بدەن و ئەو کەسەش هەمان قسەی ئەوان هەڵدەگرێتەوە و جنێوەکە بە یەکێکی تر بدات، ئەمەش زۆربەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە لەوانەیە زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوەی ماڵ بەسەر بەرن و لە ماڵەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت".

**د.چنار سەعد عەبدوڵلا مامۆستای کۆمەڵناسی سەبارەت بە دیاردەی جنێو وتی**



"فێربوون بە مانا گشتیەکەی بەو پرۆسە بەردەوامە دەوترێت کە تیایدا مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا فێری گشت داب و نەریت و ڕەفتار و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. بەو مانایەی کە پرۆسەی فێربوون مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجی دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. دیارە لەمیانی زۆربەی ئەو ڕەفتار و نەریتانەی کە مرۆڤ لەژیانیدا فێریدەبێت، جنێودانە. لەبەرئەوەی زۆرجار جنێودان بە یەکێك لە ئامرازەکانی سزادان و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری بەرانبەر و کپکرنی هەڵچوونی کەسی جنێودەر بەکاردێت". لە بارەی پاڵنەرەکانی جنێودانیش وتی "هەوەکو پێشتر ئاماژەم پێدا جنێودان ئەو ئامرازە یاخود چەکەیە کە تاك لەکاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا بۆ تۆڵەسەندنەوەو سزدانی لایەنی بەرامبەر کە تووڕەی کردووە، بەکاریدەهێنیت". ئاماژەی بەوەشدا کە جنێودان زیاتر لەناو چینی دواکەوتووی کەم فەرهەنگدا باوە، ئەگەرچی نابێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین کە جۆر و ڕێژەی جنێودان لە چینێك بۆ چینێکی تر و لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە. بەو مانایەی ئەوەی لەناوەندێك بە جنێو و تۆهینکردن دادەنرێت مەرج نییە لە ناوەندێکی تردا هەمان ماناو کاریگەری دروست بکات"، لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی "مرۆڤ لەپێناو دامرکاندنەوەی تووڕەیی و هەڵچوونی خۆی و بەمەبەستی سزادانی کەسی بەرامبەر جنێو دەدات، هەروەها لە هەندێك دۆخدا جنێودان کاردانەوەی دۆخێکی پڕ لە تووڕەبوون و هەڵچوونە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا لە خۆشەویستی و لەکاتی گفتوگۆی زۆر گەرموگوڕ و دۆستانە کەسەکان هەندێ وشەی ناباو بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن کە ڕەنگە لە کەس و خەڵکیتر قبوڵی نەکەن. ئەمە دەوەستێتە سەر جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوور و دابونەریتی باو لەو کۆمەڵگەیەدا"، لە بارەی زاڵبوونیشیەوە دەڵێت "بە ڕێگەی سنگ فرەوانی و دانبەخۆداگرتن دەبێ هەمیشە ئەو ڕاستیەمان لە خەیاڵ بێت کە مرۆڤ بێبەری نییە لەگوناه، هەروەها ئەو وشە ناشرین و ناڕەوایانەی کە لەکۆمەڵگەیەك وەکو جنێو بەکاردەهێندرێن جۆراوجۆرن، هەر یەکێکیشیان لە ئان وساتی خۆیدا بەکاردێت. ئافرەتیش بەداخەوە زۆرجار دەکرێتە ئامرازێك بۆ ئەو مەبەستە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵی نەریتی دا کە ئافرەت زۆرجار بە شەرەف و کەرامەتی پیاو دەژمێردرێت. لە دۆخی تووڕەیی و هەڵچووندا بۆ شکاندن و کەمکردنی شەرەف و کەرامەتی یەکتر ئافرەت دەبێتە کەرستە. بێگومان کاریگەرییەکی دەروونی ناخۆش بۆسەر کەسی جنێوپێدراو دروست دەکات و ئازاری دەدات، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین جنێودان بەشێوەیەك لەشێوەکان بریتییە لە سزادانی دەروونی تاك".

## ئاننا ماریا بۆ گوڵان:

# تا یەکسانی نێوان رەگەزەکان زیاتر بێ
# پێوەندی نێر و مێ باشتر دەبێ

✿ ئاننـــا ماریا دکتۆرا لە بـــواری توێژینەوەی ژێندەر، کولتـــووری ئەنترۆپۆلۆژیا، توێژینـــەوەی رەخنەیی بوارە جۆراوجۆرەکان لە یاســـا و ئەکتیڤی رەگەزی، توێژینەوەی یاســـا و زانســـتی مرۆڤ، یاســـای رەگەزی جینائی، خزمایەتی،(هۆمۆســـێکس)، رۆشـــنبیری رەگەزی، رۆشـــنبیری بنیادنانی منداڵ، ئەمەش لێدوانەکەی خاتوو ئاننا ماریایە بۆ گوڵان: ✿

*** بیرۆکەی سەرەکی فێمینیزم ئەوەیە کە پێیوایە ئافرەت بەو هۆیەی کە ئافرەتە چەوساوەتەوە. لەبەر ئەوەی کـە ژنە بۆیە هەمیشـە و بـە درێژایی مێژوو نابەرابـەری لـە د ژ نراوە. ئە م**

**تێـزە تا چەند راسـتە و تـا چەندیش بەڵگەی زانسـتی پاڵپشـتی لێدەکات؟**

ئایـا سـەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی وەها دەرەنجامی جیاکاری رەگەزی بووە؟

- ئەگـەر بێت و سـەیرێکی یاسا بکەیـن ئـەوا دەبینین کـەوا ئافرەت، منـداڵ، خەڵکی هەژار و رەنگ جیاواز و ئەوانەی حەز بە رەگـەزی بەرامبەر ناکەن، ئەوانە بە درێژایی مێژوو زۆر بە توندی چەوسێنراونەتەوە. بێبەشکراون لە مافـی دەنگدان، بۆ بەخۆرایی بڕیاردان لەسەر پێوەندیە تایبەتیەکانیان، زۆربوون، خاوەندارێتـی موڵـك، مافی میرات، خوێنـدن، چاودێری تەندروسـتی و نوێنەرایەتـی پەرلەمـان. لەمـە زۆر زیاتریش دەتوانرێ بە چەوساندنەوە بژمێـردرێ. کۆمەڵێـك بەڵگـەی ئاسـت بەرزیـش

هەن کە دوپاتی ئەمە دەکەنەوە لەگشـت بوارەکانی زانسـتدا. لە وڵاتەکەی من ئافرەت بە پلە دوو (لەدوای نیوزلەندە)لە جیهاندا دێت کە توانییێتی لەگەڵ پیاوە هـەژارەکان بەیەکەوە مافـی دەنگدان بەدەسـت بێنـێ، لە ١٩١٨ لـە وڵاتە نۆردیکیەکان ئافرەت سەبارەت بە خۆی تەنیا بەر لە ١٠٠ سـاڵی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتی مافی قسەکردنی هەبووە. لـە هەنـدێ وڵاتـی دەوڵەمەنـدی رۆژئاواییشدا ئێستا ئافرەت تەنیا مافی دەنگدانی بۆ چەند سـاڵێکی کەم هەیە. لە هەندێك وڵاتـی وەك ئێرلەندا ئافرەت هێشـتا مافی بڕیاردانی نییە سەبارەت بە زۆربوون و رەگـەز، لەم بڕوایەدا نیم کەوا ئەم مێژووی چەوساندنەوەی ئافرەت هیچ پێوەندییەکی بە رەگەزپەرسـتییەوە هەبـێ، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە دیاردەیەکی مێژووییە، جۆرێکە لە بەهەڵە بەرەوپێشـچوونی هێز لە جیهاندا، بەڵام ئێمە دەتوانین راستی بکەینەوە و شتەکان بۆ گشت خەڵك باشتر دەبن.

*** زۆرێـك لـە رووناکبیران و ژنانـی ئازادیخـوازی تێکۆشەر لەو بڕوایەدان کـە فێمینیـزم بزووتنەوەیەکی**



**کۆمەڵایەتی چاکسازییە، هەندێکیش پێیانوایە کە ئایدیۆلۆجیایەکی تێپەڕ و کاتییە، هەروەك فەیلەسووفی گەورە (لیوتار) دەڵێت؟ تۆ لەو بڕوایەدای کە فێمینیزم ئایدیۆلۆجیا بێت؟ ئایا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئەرزشتی ئەوەی هەیە فێمینیزمی لێ لەدایکبێت؟**

- ئەمە ڕاستە، فێمینیزم وەك بزووتنەوەیەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە سەدەی ١٩ دەستی پێکرد، کاتێك یاساکان و بارودۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لێك گونجاو نەبوون، لەگەڵ دەرکەوتنی بیروڕای تازەی ڕۆشنبیران و دیموکراتە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ یەك نەدەگونجان. پێموایە فێمینیزم یەکێك بووە لە هێزە هەرە مەزنەکانی گۆڕان لە جیهاندا، هەر لەوەتەی دەرکەوتنی سۆشیالیزمەوە، بەڵام بە پێچەوانەی سۆشیالیزمەوە هیچ وڵاتێکی بەهەڵە دیزاینکراوی نەدۆزیەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرچاو ژیانی بەرەوپێشبرد بۆ گشت مرۆڤایەتی لە گشت وڵاتەکاندا.

یەکسانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ژیانێکی باشتر نەك تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵکو بۆ پیاو، منداڵ، خەڵکی هەژار و ئەوانەی حەز بە ڕەگەزی بەرامبەر ناکەن و ڕەنگ جیاوازەکان و گروپە چەوسێنراوەکانی تریش.

فێمینیزم بزووتنەوەیەکی پراکتیکیە کە ئامانجی چاکسازی کۆمەڵایەتیە. لێکۆڵینەوە ژێندەرییەکان بەهۆی کاریگەری بزووتنەوەی فێمینیزمەوە هاتنە کایەوە. هەروەها بووە هۆی نرخاندنی لێکۆڵینەوە کریتیکە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە گشت بوارە ئەکادیمیەکان. ئەمە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری کاتی نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی نوێی ئەکادیمیە کە دەتوانێ زانیاریمان پێ ببەخشێ سەبارەت بە مانا و پێکهاتەی ڕەگەز لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.



کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، هەردوو دەوڵەتی دوای کۆمینیست و کۆمەڵگەی ئیسلامی، فێمینیزمی تایبەت بە خۆیان دروست کردووە، فێمینیستەکانی ڕۆژئاوا لەوانەیە بتوانن تیشك بخەنەسەر مێژووی پێشکەوتنی فێمینیستیمان، بەڵام ئێمە لەو پلە و پایەیەدا نین تا بە ڕۆژهەڵات بڵێین کە پێویستە چ جۆرە تیۆری و بزووتنەوەیەك دروست بکرێ. بەیەکەوە دەتوانین لەیەکتر فێربین و پێموایە ئێمە پێویستە پێوەندی کراوە و گوێزرانەوەیی ئەکتیڤی بیروبۆچوونەکان هاندەین لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆجیا و ڕەگەز و باسکارانی ڕەگەزناسی زانستی سیاسی، لەوانەیە ئامۆژگاریکەری سوودبەخش بن لەم پێشکەوتنەدا.

*** ئایا دەتوانین حاشا لەوە بکەین کە ژن و پیاو، دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکترن، نەك دوو ڕەگەزی دژ و یەکتربڕی یەك بن...؟ ئایا دەتوانین واز لە جیاوازییەکانمان بێنین؟ ئایا یەکسانی راستەقینە بە مانای سڕینەوەی جیاوازییە فسیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکان دێت، ژن بێتە شوێنی پیاو و بە پێچەوانەوەش یان یەکسانی راستەقینە دەبێ مانای دادپەروەری و نەهێشتنی ژێردەستەی بدات؟ دواجار هەر دەبێ ژن بە زەرورەت فێمینیست بێ؟**

- نەخێر هیچ کام لە فێمینیست و توێژەرانی ڕەگەزناس نایانەوێ پیاو بچەوسێننەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە فێمینیستەکان دەیانەوێ جیهان بکەن بە شوێنێکی باشتر و یەکسان تر نەك تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵکو بۆ گشت پیاوانیش. تا یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان زیاتر بێ پێوەندی نێر و مێ باشتر دەبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا پیاویش دڵخۆشتر دەبێ.

فێمینیزم دەیەوێ جیهان بگۆڕێ بۆ ئەوەی کەس نەچەوسێندرێتەوە تەنیا بەهۆی ئەوەی کە ئەم کەسە سەر بە گرووپێك خەڵکی تایبەتە لەسەر بنچینەی ڕەگەز، ئایین،ئیتنیك، تەمەن، نەژاد یان ڕەنگ.

فێمینیزم شتێکی باشە. ئێمە پێویستیمان بە پیاو و ئافرەتی زیاتر هەیە کە ئاڵای مافی یەکسان هەڵبگرن. جیهان لەخۆیەوە هیچ کاتێك ناتوانێت"ئامادە" بێت تەنانەت پێشکەوتووترین کۆمەڵگەی دیموکراتی وەك سوید، بەڵکو ئێمە پێویستمان بە بەرجەستەکردنی خەیاڵەکانمان سەبارەت بە گونجاوی تەواوی مرۆڤ هەیە.

هەربۆیە پێویستیمان بە چەندین جۆر لە فێمینیزم هەیە. فێمینیزم بۆ یەکەم و گشت ڕەخنەی بەهەڵە پێشکەشکردنی هێزی پێوەندیەکان و نایەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەمانە هەمووی نەك بۆ ماوەیەکی کورت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام ئێمە دەتوانین بەیەکەوە کار بکەین بۆ زیاتر ڕاستکردنەوەی شتەکان لە وڵاتەکانمان.



# ئەو منداڵانەی لە سۆزی دایک و باوک بێبەشن

خێزان ئەو یەکە کۆمەڵایەتیەیە کە ژیانی هەموو ئەندامانی تێدا دەپارێزرێت، بەتایبەتی منداڵان پێویستیان بە خێزانێکی ئارام و تەندروست هەیە بۆ ئەوەی تێیدا گەشە بکەن و ژیانی تێدا بگوزەرێنن، لەداهاتوودا ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵێك خۆشبەختی و هیواو ئاواتی گەورە بۆ کۆمەڵگە بەرهەم بهێنن، بەڵام لە ئەنجامی گەورەبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و جیابوونەوەی دایك و باوك لە ژیانی هاوسەریان، جا بەهۆی مردنەوە بێت یاخود بەهۆی تەڵاقەوە بێت، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك منداڵ دەبنە قوربانی ئەم دابڕانە کە دواتر کۆمەڵێك کێشەو گرفت لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ناتوانن ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچانی سلێمانیمان کردوو هەریەك لە مامۆستا ئەنوەر بەڕێوەبەری خانەی کوڕان و پەروین نامیق توێژەری خانەی کچانی سلێمانی تایبەت بۆ گوڵان دووان.

**پەروین نامیق توێژەری کۆمەڵایەتی لە خانەی نەوجەوانانی کچان** "ئەو منداڵانەی کە بۆیان هەیە بچنە ناو خانەوە بەپێی یاسای تایبەت بە خانە وەردەگیرێن، ئەم منداڵانە یان دایکیان نەماوە یان باوکیان یان هەردوو پێکەوە نەماون یاخود لەیەکتری جیابوونەتەوە. پاشماوەی ئەم رووداوو کێشە کۆمەڵایەتیانە ئەم منداڵانەی ناو خانەن کە لەهەموو سۆزێك بێبەشن، ئەم منداڵانە لە رووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و کۆمەڵگە جیاوازییەکی بەرچاوو هەیە و لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە". پەروین نامیق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو جیاوازیە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە منداڵی ناو خێزان بەقۆناغێکی پڕ لە میهروو خۆشەویستیدا تێدەپەڕێت، دواتر بەهۆی ئەو رووداوە ناجۆرەی کە بەسەریدا دێت، ئەو سۆز و خۆشەویستیە نامێنێت و بەرەو پەرتەوازە بوون دەچێت، جگە لەوەش زۆربەی ئەو منداڵانەی لەناو خانەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو منداڵانەن کە لەخێزانێکی نا سەقامگیر ژیانیان گوزەراندوە، لە کەسایەتی ئەم منداڵانەدا چەندین کێشە هەیە، وەك بێتاقەتی بەر دەوامایان و هەیانە کەئابەیان هەیە، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتیان یەکێك لە رێگە گرنگەکانی ئەم دروستبوونەوەیان خوێندنی بەردەوامی منداڵەکانەو پەروین نامیق لەو بارەیەوە وتی "ئەو منداڵانە هەموویانمان لە بەر خوێندن داناوەتەوە و هەر خوێندکارێك بەپێی نزیك و دووری خوێندنگە ئاساییەکانی ناو شار. لەهەوڵی بەردەوامین بۆ گەڕانەوەی تەواوەتی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، کاریگەری دەروونی، ئەم منداڵانەی تەواو جیاکردۆتەوە لە هەندێك لەسیفاتی ئاسایی کۆمەڵایەتی، زۆربەیان تووڕەبوونێکی بەردەوام و زۆر توندیان هەیە، زۆربەیان لەکاتی گفتوگۆدا وەڵامی ئێمە دەدەنەوە کە ئەوان هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ژیانی خۆیان نەماوە، بەڵام ئێمە وەك توێژەری دەروونی ئەم منداڵانە ئاگاداری تەواوی ئەوانەی دەکەین کە بەو شێوەیە تووشی ئەو جۆرە دڵ توندی و فشاری دەروونیە دەبنەوە.

**مامۆستا ئەنوەر** لە خانەی نەوجەوانانی کوڕان ئاماژەی بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو کوڕانەی ناو خانە دا، ئەو منداڵانەی لەناو خانەی نەوجەوانان ژیان بەسەردەبەن، ئەو منداڵانەن کە بەهۆی باری ناهەمواری ناو خێزان گەیشتونەتە ناو خانە، ئەم منداڵانە بە هۆی ئەوەی کە لەناو خێزانەکانیان کۆمەڵێك کێشە هەبووە وەك دابڕانی دایك و باوك یاخود لەدەستدانی دایك یاخود باوك کۆمەڵێك کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر هەڵسوکەوتیان و دەروونیان بەجێ دەمێنێ، لەوانە نەمانی هەست و خۆشەویستی لای ئەم منداڵانە بووەتە هۆی نەبوونی ئارامی لای، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانن پێوەندیەکانیان توندوتۆڵ راگرن، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی لەوانە ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان لەناو ئەو خێزانانەدا بوون کە کۆمەڵێك کێشەو گرفتیان هەبووە بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ئەم رووبەڕووبوونەوەیە وای لەم منداڵانە کردووە کە تووشی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی ببنەوە، ئەم منداڵانە هەندێك جار هەست بەگوناه دەکەن لەوەی کە بۆچی ئەمان خێزانیان نییە واهەست دەکەن کە خەتای ئەمان بووە.

سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری ئێمە لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵانی ناو خانە مامۆستا یوسف عومەر وتی "منداڵانی ناو خانە دووجۆرن ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماون لەژیاندا ئەم منداڵانە هەست بەنەمانی جۆرێك لەهەست و سۆز دەکەن لە بەرانبەر باوکیاندا، باوك بۆ ئەوان ئەو وێنە جوانەیە کەبەردەوام خەونی پێوە دەبینن بەردەوام وێنەیەکی جوانی باوك و دایك لەزهنی ئەم منداڵانەیە واتە هەست بە ئەو کەمی دایك و باوکە ئەکەن کە بۆئەوان نەماوە، هیچ هیوایەکیان بەوە نەماوە کە رۆژێك لە رۆژان ئەو دایك و باوکە ببینەوە، جائەمە گرێیەکی دەروونی لای ئەم منداڵانە دروست دەکات کەباسی دایك و باوك بکرێت هەست بەو کەمیەی ئەوان دەکاتەوە وەك منداڵێکی ئاسایی نییە، بەڵام جۆری دووەم لە منداڵان ئەوانەن کە دایك و باوکیان لەیەك جیابووەتەوە، ئەمە جۆرێك لەدژایەتی لەناو ناخی ئەم منداڵانەدا دروست دەکات، ناتوانن ببنە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو دایك و باوکێك دەترسن، ناتوانن بەشێوەیەکی باش پێوەندیان لەگەڵ منداڵەکانی ناو قوتابخانە بەردەوام بێت، چونکە بەردەوام وێنەی ئەو دایك و باوکەیان لەبەرچاوە، بەردەوام کۆستی دابڕان لەگەڵ ئەم منداڵانە دەژی، بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆریك لەتوندوتیژیان پێوە دیار بێت، چونکە کەسانێکن هەر لە بناغەوە لەناو کێشە بوونەو بیر لەوە دەکەنەوە ئەکرا ئەم دایك و باوکانە لەپێناو ئەماندا لەو دابڕانە خۆش بوونایە، هۆی ئەوەی دایك و باوکیان لە ژیاندا ماوەو ناتوانن بیبینن وێنەیەکی خراپی دایك و باوکیان دەکێشن، ئەگەر بێت و پێیان بووترێت وێنەی دایك و باوکتان بکێشن زۆر ناشرین وێنەیان دەکێشن بەڵام ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماوە وێنەی دایك و باوکیان زۆر جوان دەکێشن و پیرۆز پیشانی دەدەن، ئەم منداڵانە ئاسایی تەمەنی هەرزەکاری تێناپەڕێنن لە کاتی گۆڕانکاریەکانی هەرزەکاریاندا تووشی جۆرێك لە پەشۆکاوی دەبن، تەئسیر لە گەشەی هەرزەکاریان دەکات و تەئسیر لە گەشەی دەروونی زۆر جار تووشی جۆرێك لەلادانیان دەکات واتە هەست دەکەن لە مەترسیدا دەژین دواتر کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەری رەنگە نەتوانن ئاسایی ژیان بگوزەرێنن، ناتوانن هیچ داهێنانێك بکەن بەهۆی ئەو ترسەی کە لەگەڵیاندایە، هەستێکی سەیریان تووش دەبێت کە واهەست دەکەن ئەمە کۆمەڵگە ئەم کێشەی بۆ دروست کردوون، بۆیە رقێکی کۆمەڵایەتیان لە کۆمەڵگە دەبێتەوە، ناتوانن ببنە تاکێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

**مامۆستا شەهلا مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین** "هەموو منداڵێك مافی خۆیەتی کە لەناو خێزانێکی ئارام و تەندروست ژیان بەسەر ببات، واتە منداڵ بە نەمانی دایکی یاخود باوکی تووشی گرفتی پەروەردەیی دەبێتەوە. ئەو منداڵانەی ناو داڵدەگاکان ئەمانە بەسروشتی خۆیان جۆرێك لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت بە هۆی ئەوەی کە تووشی گرفتی دابڕان بوون لە دایك یاخود باوك یاخود هەردووکیان بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت ببیتە هاوڕیان درەنگتر لە منداڵێکی ئاسایی تێکەڵت دەبن و درەنگتر متمانەت پێدەدەن، هەتا ئەگەر هەشیان بێت خۆی بێنێتە پێشەوە، ئەوا تەمسیل دەکەن و دەیانەوێ رۆڵ بگێرن، هیچ کات ناتوانن بە رووە راستیەکەی مامەڵە لە گەڵ تۆدا بکەن، ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە فەراغی خۆشەویستی و هەست و سۆزی هەیە لەنێوان خۆیان و باوکیان یاخود دایکیان، واتە لەکاتی دروستبوونی ئەم فەراغەدا مامەڵەیەکی ئیداری لەگەڵ دەکرێت، ئەوا دواتر لەناو کۆمەڵگە ناتوانێت تاکێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی لێدروست ببێت کە بەبێ زیان ژیان بگوزەرێنێت، بۆ نموونە کچێکی تەمەن ١٥ ساڵم دواند لەکاتی سەردانم بۆ ئەو خانانەیە و وتم ناوت چییە؟ پێی وتم ناوم نییە و ناشمەوێت ناوم هەبێت، هیچ ئیمانێکم بەو ژیانە نییە! ئەمە هۆکاری ئەو فەراغی هەست و سۆزو خۆشەویستیەیە، لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە لەوانەیە زۆربەیان کەسانێك دەرچن کە دوورە پەرێز بن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا و متمانەیان بە خۆیان و بە دەوروبەریان کەمە کەسانێك دەبن کە ناتوانن مەحبوب بن لەناو خەڵکیدا، هەر ئەو گرێ و گۆڵەی لەناو مێشکیاندا چەسپاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا رەنگ دەداتەوە .

# چۆن بەر لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بگرین

## بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتووچۆ:

## لە ساڵی (١٩٩٦)ـەوە داوام کردووە یاساکانی هاتووچۆ بکرێتە وانە و لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت

**بابەتی هاتووچۆ لە هەموو دنیا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، کوردستانی خۆشمان کە لکاوە بەعێراقەوە کار بە یاسای ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤ی هاتووچۆ دەکات، بەهۆی پیادە نەکردنی یاساکانی هاتووچۆشەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ڕێگەوبان ڕوو لە زیادبووندایە، لە هەموو گۆی زەویدا ساڵانە نزیکەی ١٥ ملیۆن کەس بریندار دەبن و ٥ ملیۆن کەسیش گیان لە دەست دەدەن، شیاوی باسکردنە لە کوردستان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی هاتووچۆوە سەرپێچیەکانیش لە زیادبووندان، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە ئەوانەی سەرپێچی دەکەن زۆربەیان گەنجن، بۆیە داوا دەکرێت ئەو سیستەمەی کە بۆ مۆڵەت پێدان دانراوە، پێداچوونەوە بە مەرجەکانی بکرێت و قورستر بکرێت، چونکە مەرجەکانی زۆر ئاسانە و دەتوانرێت بە خولێکی ١٠ ڕۆژی مۆڵەت وەربگیرێت.. زانیاری زیاتر لەم ڕاپۆرتەدا بخوێنەوە:-**

**سەرەتا زانا ئیسماعیل شوفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر دەڵێت** "هەندێ لە هۆیەکانی زیادبوونی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی هەندێ پۆلیسی هاتووچۆ، چونکە ئەوەندە تەماشای کچان دەکەن ئەوەندە ئاگاداری ئەرکەکەیان نین، وتیشی "هەندێکجار خۆشم پاپەندنی یاساکانی هاتووچۆ نابم، چونکە هەندێك کەس ئەبینم سەرپێچی دەکەن منیش لە ڕقان سەرپێچی دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گەنجە دەڵێ "پێویستە زۆر ڕێز لە برایانی پۆلیسی هاتووچۆ بگرین، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین هەر شوێنێك پۆلیسی هاتووچۆی لێ نەبێت، چ قەڵەباڵغیەك پەیدا دەبێت، بەڵام هەندێك کەس هەیە ڕێزیان لێ ناگرن.

ئاشتی شێرکۆ (شوفێر) لەم بارەیەوە دەڵێت "٥ ساڵە شوفێرم هەتاوەکو ئێستا پۆلیسی هاتووچۆ داوای مۆڵەتی شوفێری لێ نەکردووم، چونکە کارێکی وام نەکردووە یاسا قەدەغەی کردبێت، بەڵام ئەو کاتانەی دێمە دەرەوە بە تایبەت بەیانیان کە هێشتا پۆلیسی هاتووچۆ نەهاتۆتە سەر ئەرکی خۆی، بەداخەوە دەیڵێم زۆربەی شوفێرەکان سەرپێچی یاسا دەکەن و بە چاوی خۆمان دەبینین کە ترافیك لایت سوورە کەچی شوفێر هەر دەڕوات و دەڵێت خۆ پۆلیس لێرە نییە، هەروەها گلەیەیم لە هەندێ لە برایانی پۆلیسی هاتووچۆ هەیە، چونکە کاتێك بەرپرسێك لە ترافیك لایت رادەوەستێت ئەو پۆلیسەی کە لەوێیە هەرچەندە ترافیکەکە سووریش بێت، بەڵام ڕێگەی بۆ خۆشدەکات بۆ ئەوەی سەرپێچی یاسا بکات، ترافیکەکەی تر ڕادەوەستێنێت و بەرپرسەکە بەڕێ دەکات، وا لە شوفێران دەکات بڵێن کاتێك بەرپرس هەست بە یاسا نەکات، ئێمە چۆن هەستی پێبکەین، بۆیە لەسەر پۆلیسی هاتووچۆیە هەمووان بەیەك چاو سەیربکات و جیاوازی لە نێوان بەرپرس و هاووڵاتی نەکات، چونکە هەموومان بەرامبەر یاسا وەکو یەکین، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوانەی سەرپێچی دەکەن زۆربەیان گەنجن، بۆیە پێی وایە، پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ ئەو مەرجانەی بۆ مۆڵەت دەرهێنان دانراوە، پێداچوونەوەی بۆ بکات و قورستری بکات، چونکە بەڕاستی ئێستا مەرجەکانی دەرهێنانی مۆڵەت زۆر ئاسانە.

**ئەحمەد حەمەدەمین-ی شوفێر وتی** "ئەو کەسانەی تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن، زۆربەیان گەنجن، چونکە زۆر خێرا لێدەخوڕن و گوێ بەیاسا نادەن، بە تایبەتیش



لە شـاری هەولێر کە پایتەختی کوردستانە و ڕێژەی دانیشتوانیشـی یەکجار زۆربووە، ئێستا لە پایتەخت ئۆتۆمبێـل زیاترە لە خانوو، بۆیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانـی هەولێر شـەقامەکان فراوانتر بکات، دەستخۆشـی لـە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ دەکەم، چونکە لەو چەند مانگەی ڕابردوو لـە زۆربەی شـوێنەکان کامێرای نهێنی داناوە کە شوفێرەکان هەستی پێدەکەن، لەو باوەڕەدام لەگەڵ دانانی ئەم کامێرایانە کەمێك سەرپێچی کەم بۆتەوە".

**پۆلیسـێکی هاتووچۆ لە ناو سەنتەری شـار کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە لە بارەی سـەرپێچییەکان وتی** "ئەو کەسانەی سـەرپێچی دەکەن زۆربەیان بەرپرسن یاخود کوڕی بەرپرسن، کاتێـك دەڵێم ژمارەکەت دەنووسم جنێوم پێبدەدات و هەڕەشەم لێدەکات، ئەوانەی سـەرپێچی ناکەن زیاتر هاووڵاتی ئاسایین، بەرپرسـەکان و دەوڵەمەندەکان، ئەگەر غەرامەشیان بکەین هیچ گوێیان لە ٣٠ هەزار دینار نییە، بەڵام هەژارەکە گوێی پێـدەدات، هەروەها کاتێك داوای مۆڵەت لە بەرپرس یان کـوڕی بەرپرس دەکەین، دەڵێن نایدەین چیت نەکردوە بیکە، یاخود حسابمان بۆ ناکەن، نازانـن ئێمە لەبەر ئەو گەرمایە ڕەوەسـتاوین بۆ ئەوەی خزمەتی هاووڵاتیان بکەین و یاسا پەیڕەوبکەین".

**خاتوو سـازان هەژار (شـوفێر)** پێیوایە ئافرەتان سەرپێچی ناکەن مەگەر بەدەگمەن نەبێـت، ئەوەشـی وت "زۆرجـار لەلایەن پیاوانەوە بێـزار دەکرێین و بـە ئۆتۆمبێل دەشکێننەوە سەرمان، بە تایبەت گەنجەکان زۆر نابەرپرسـیارانە هەڵسـوکەوت دەکەن، ئاماژەی بەوەشـدا "لەکاتـی دەرهێنانی مۆڵەتی شـوفێریدا زۆر واسـتە دەکرێت و هەندێك کەس شیاوی ئەوەنینە ئەسڵەن هەر مۆڵەتیشی هەبێت، کەچی وەریگرتووە".

**لـە کۆتاییـدا عەمید(قادر سـدیق) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتووچۆی هەرێم سـەبارەت بەم بابەتەوە وتی** "پیادەنەکردنی







یاساکانی هاتووچۆ سـێ هۆکاری هەیە: یەکەم هۆکارە مرۆییەکەیە، دووەم تێکچوونی کەش و هەوا و نالەباری شـەقامە، سێیەم نەبوونـی مەرجەکانـی توندوتۆڵییـە لە ئۆتۆمبێلـدا، وەکـو خراپـی بزووێنەر یان نەبوونـی ئاوێنە یان دەبینـی برێکی تەواو نییـە.... تاد. بێگومان ئەو سـێ هۆکارە کاریگەری خراپ بەسـەر برای شوفێر بە جێدەهێڵن، بەڵام هۆکاری یەکەم خودی برای شـوفێر خۆیەتی، چونکە لە ئەنجامی خێرا لێخوڕین تووشـی ڕووداوێك دەبێت، لەوانەیە لە ئەنجامدا خۆی و سەرنشینانی گیانیان لە دەستبدەن". ئاماژەی بەوەشـدا کە "لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا لـە ئەنجامـی جێبەجێنەکردنـی یاسـاکانی هاتووچـۆ (١٠٣) هاووڵاتی لە شاری سـلێمانی و(٩٤) هاووڵاتیش لە پایتەخت مردوون. هەروەها لە شاری دهۆك و کەرکوکیش گیان لە دەسـتدانی مرۆیی لێکەوتۆتەوە و بە هەزارەها برینداریش هەیە. ئەگەر یاسای هاتووچۆ لە بواری خوێندندا بەرجەستە بکرێت، زۆر سوودی دەبێت، هەر لەبەر ئەوە لە سـاڵی ١٩٩٦ەوە داوا دەکەم وەزارەتـی ناوخۆ و پـەروەردە هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی یاسـاکانی هاتووچۆ بکەنە وانەیەك لە قوتابخانەکان بگوترێتەوە بۆ ئەوەی خوێنی جگەر گۆشـەکانمان زیاتر بە هەدەر نەچێت و فێـر بکرێن چۆن مامەڵە لەگەڵ یاسـای هاتووچۆ دەکەن و لـە ماندبوونی برایانی هاتووچۆ تێبگەن. وتیشـی "ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، دڵنیام ساڵ لە دوای ساڵ خوێنی جگەر گۆشـەکانمان زیاتر بە فیڕۆ دەڕوات و زیانـی گیانـی و ماددی زیاتر دەکەین". هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "داواکارین لە وەزارەتی ناوخۆ پەیمانگایەکی هاتووچۆ بکرێتـەوە بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی کامەرندانی هاتووچۆ بۆ زیاتر تێگەیشتنیان و شارەزا کردنیان لە پیادەکردنی هاتووچۆ". لە بـارەی سیسـتەمی مۆڵەتدانەوە وتی "دەبێـت ئەو سـیتەمە بگۆڕدرێت، چونکە کۆنە". لە بارەی پیادەنەکردنی یاسـاکانی هاتووچۆ لە لایەن هەندێك کەسـەوە دەڵێـت "لـە هیـچ وڵاتێکی دنیا یاسـاکانی هاتووچۆ ١٠٠٪ پیادەناکرێـت، دیـارە کوردسـتانیش بەدەرنییە لەمە"، هەروەها ئەوەشی وت "ڕووداوەکانـی هاتووچـۆ لە دەرەوەی شـار زیاترە بەبـەراورد لەگـەڵ ناوەوەی شار".



# جێندەر لەکوردستاندا

لەگــەڵ گۆڕانــکاری لەشــێوازی ژیان و پێشڤەچوون لەسەرجەم بوارەکاندا، لەو چرکەساتەدا ســەرجەم ماناکانی ژیان گەشەو گۆڕانکاری بەخۆیانەوە دەبینین، کێ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم گۆڕانکاریانــەدا، بێگومان بوونی مرۆڤە و مرۆڤەیــش وەك هەردوو ڕەگەز دەتوانن هەڵگری ئەو پەیام و ئەرکــە بن، ئەرك و مافەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا ئەوکات یەکسان دەبن کەلەگۆشە نیگای یەکســانیەوە بڕوانینە توانای جەستەکان نەك ســەیرکردنی ڕەگەز و بــەلاواز بینیمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان. لەسەرجەم دامەزراوەکاندا تا هەنوکــە ئــەو خوێندنەوە هەڵەیــە دەکرێت کە ڕەگــەزی مێ ناتوانێ وەك پێویســت بێت ئەگەرچــی ڕەگــەزی نێر لەوپــەری لاوازیدا بێت ناتوانێت دان بــەوەدا بنێت. لێرەدا چەمکی جێندەر و کار پێکردنی وەك زەرووریەتی ئێستای کۆمەڵگە دەبێت ئەجندایەك بێت بۆ ســەرلەنوێ ڕێکخســتنەوەی ئەو ماف و ئەرکانە و یەکسان کردنــی دەســەڵاتەکان، بۆ ئاشــنابوونمان بەم چەمکــە و زانینی ماناکەی لەڕووی تیۆریەوە، گۆڤاری گوڵان بەپێویستی زانی تیشکێك بخاتە سەر ئەو چەمکە.

لەڕووی مێژووییەوە ســەرهەڵدانی چەمکی (جێنــدەر) دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای ســاڵی هەشــتاکان، بەڵام لەڕووی کارپێکردن و چوونە ناو چوارچێوەی دانپێدانانیەوە لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی (١٩٩٤) لە (کۆنگرەی دانیشــتوان)ی وڵاتی میســر، دواتریش لــە ســاڵی (١٩٩٥) لەبەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانداو لــە فۆرمێکی فەرمیدا وەکو زاراوەیەکی نێونەتەوەیی ناسێنرا.

هەروەك بەرێز (ئاری ڕەفیــق) بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ بەم جۆرە ئاماژە بە چەمکی (جێندەر )دەکات:

بەرلەوەی باس لــە کارپێکردنی ئەو چەمکە بکەین لە دامەزراوە سیاســی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، پێویستە بگوترێت کە حاڵی حازر لە هەرێمی کوردستاندا دوو ئاراســتەو تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئاستی گشتی و لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی سەریانهەڵداوە، ئاراســتەیەك پێی وایە (جێندەر) خۆی لە یەکسانبوونی ڕەگەزی (پیاو ئافرەت) لە (ماف و ئەرك و دابەشــکردنی کارو ڕۆڵ )ی هــەردوو ڕەگەزدا خــۆی دەبینێتەوە، هەر لە دامــەزراوەی خێزانەوە وەك (بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی )، تادەگاتە پراکتیزەکردنی ماناکانی چەمکی (جێندەر) لەســەر ئاســتی کەرتی گشتی واتا (دامەزراوەکانی حکومەت)و کەرتی تایبەت واتا (دەزگاو ئۆرگانە مەدەنی و کۆمپانیاو دامەزراوە ناحکومیەکان) .

ئاراستەی دووەمی تیڕوانینەکەش واشیکردنەوە بــۆ چەمکی (جێندەر) دەکات کە (جێندەر) بەر لە هەر مانایەك بەمانای نەهێشــتنی جیاوازیە بایۆلۆجیەکانی نێوان (ئافرەت و پیاو)دێت، ئەو تێروانینە پێیوایە (جێنــدەر) مانایەك ناهێڵێتەوە بۆ پرۆســەی هاوســەرگیریەکی (شەرعیانە)، بەومانایــەی (جێندەر) زەمینە خۆشــدەکات تا پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان (پیاو ئافرەت)وە بگۆڕدرێ بۆ هاوسەرگیری لەنێوان (ئافرەت و ئافرەت) هەروەها لەنێــوان (پیاو لەگەڵ پیاو)، جگە لەمانــەش کاڵکردنــەوەی ڕۆڵی (باوك) لەخێزانــدا لەچوارچێــوەی مانــای جێندەردا شیکردنەوەی بۆدەکەن .

ئێستا لە سەرئاستی کۆمەڵگاکانی وڵاتانی ئەســکەندەناڤی و ئەورووپا بە گشــتی هەم بە شــێوەی تیــۆری و هەم بەشــێوەی پراکتیکی کار لەســەر چەســپاندنی زاراوەی (جێنــدەر ئیکوالیتی )دەکــرێ، بەڵام ئەوەی لە ئێســتای کۆمەڵگــەی کوردیــدا هەســتی پێدەکــرێ جێگەی داخــە مانا سروشــتیەکەی (جێندەر) وەکــو خــۆی ڕوون نەکراوەتــەوە، جگە لەوەی لەفۆرمی (پراکتیکیدا ) تاکو ئێستا نەتوانراوە بە سیستماتیکی لەسەرئاستی کۆی دامەزراوەکان پلانڕێژی بۆبکرێ.

لــە فۆرمــی (تیۆریشــدا ) ئــاری ڕەفیق دەڵــێ: نەتوانــراوە توێژینەوەی زانســتی زۆر باشــمان هەبــێ و لەپاڵ ئەو ئیشکالیەتەشــدا کەســانێك لە کوردستاندا شــرۆڤەی ناوەڕۆکی ئــەو چەمکە دەکەن وەك پێویســت نەیانتوانیوە پایــە بنچینەیەکانی چەمکــی (جێندەر) وەکو خۆی شــیبکەنەوە،لەلایەکی تریشەوە جێگەی نیگەرانیەکــی گەورەیــە نایەکســانیەکی بێ سنوور لە شیوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو ڕەگەرزی (نێرومێ ) دەکرێت، ئەو نایەکســانیە جێندەریــە لــە دامــەزراوەی خێزانــەوە بگرە تادەگاتە قوتابخانەو دامــەزراوە حکومیەکان و



ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە میدیایەکان ریشەیەکی مێژوویی قوڵی داکوتاوە، هەرلە شێوازی مامەڵکردنی کوروکچ لە خێزانداو فەرزکردنی منداڵێکی (کوڕ) بەسەر منداڵێکی (کچ)و ئازادکردنی کوڕ لە دەستنیشانکردنی هاوسەرو پرس پێنەکردنی باوك بە کچەکەی لە دەستنیشانکردنی مێردو تادەگاتە دابەشکردنی نایەکسانیانەی پۆستە ئیداری و حزبیەکان،ئەوەتا تا ئێستاش لەسەر ئاستی کەسانی نوخبە زۆرینەی پیاوان پێیان هەزم ناکرێ لەژێردەستی ژنە سەرنووسەرێکی بەتوانادا لە دامەزراوەیەکی ئیعلامیدا، لەژێردەستی ژنە بەڕێوەبەرێکی بەتوانادا لەرێکخراوێکی مەدەنیدا، لەژێردەستی ژنە بەڕێوەبەرێکی بەتوانادا لە فەرمانگەیەکی حکومیدا ئیش بکەن، ئەوانە بەشێکن لەو ئیشکالیەتانەی کە بوونەتە فاکتەری پاشەکشەی ئافرەتانی بەتوانا تا ئاستی (بێ ئومێدی).

ئەگەرچی ساڵانێکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین گۆڕانکاری گرنگ لە یاساکاندا کراوەو چەندین بریاری گرنگ دراوە بە ئامانجی راگرتنی (بالانسی جێندەری) لە دامەزراوەکاندا، بەجۆرێك بەشی زۆری ئەو گۆڕانکاری و بریارانە گۆڕانی مێژوویی و زۆرباش رەنگی داوەتەوە لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بەڵام لەبەرئەوەی کێشەکە کێشەیەکی (کولتووری،پەروەردەیی، مێژوویی)یە، پێویستمان بە پراکتیککردنی دروشمەکان و هاتنەمەیدانی ئۆرگانە مەدەنیەکان و دەستپێکردنی هەڵمەتی میدیایی هەیە کەتا ئێستا جێگەی داخە لەئاستی پێویستدا نایبینین.

## جیاوازی رەگەزی لەکۆمەڵگەی کوردیدا

بوونی هەیە، ناکرێت نکۆڵی لەمە بکرێت،ئەمە بۆچوونی خاتوو(فریشتە جەلال رەشید) چالاکوان لەبواری سیاسی جڤاکی ئافرەتاندا دەڵێت: رەگەزی نێر ئەوەی پەسەند نییە لێپرسراوەکەی رەگەزی مێ بێت، ئەگەرچی لەتوانای کارکردندا لەو لەپێشتر بێت، لەلایەکی دیکەوە بۆتە بەشێك لەکولتور و ناتوانرێت بەئاسانی ریشەکێش بکرێ، چونکە زۆرجار خودی رەگەزی مێ خۆی وەك تاکێکی شایستەی کار پیشان نادات،ئەم چۆنیەتی بیرکردنەوەیە دەبێت لەسەرجەم سیستمەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت،ئەرك و رۆڵی هەردوو رەگەز وەك یەك سەیر بکرێت، هاوکات کارکردن لەناو رێکخراوەکانی ئافرەتاندا بەو جۆرە بێت هەوڵبدەن جیاوازی رەگەزی نەهێڵدرێت نەوەك بیکەنە سەنگەرێك بۆ بەرەنگاربونەوەی رەگەزی نێر. نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی بەو مانایەی هەردوو تاك یەکسان بن، نەك دەسەڵاتی پیاوسالاری یاخود ژن سالاری زاڵ بێت لەئەرکەکاندا، بەڵکو دەسەڵاتێك بەرجەستەبێت کە یەکسانی بەرجەستە بکات لەپێناو خزمەتکردنی یەکتردا.بەدیوەکەی تریشدا دەتوانین بڵێین رۆڵی رێکخراوەکانی ئافرەتانیش هێندە بەرچاو نەبووە بۆ لاوازکردن یان بنەبڕکردنی ئەو چەمکە(جێندەر) وەك پرسێکی نەخوازراو، ئەویش بەهۆی دابەشبوونی کار و مەهامی رێکخراوەکانی ئافرەتان بەسەر میتۆد و ئایدۆلۆژیای جیاجیادا بەئاراستەی فیکری و سیاسی و ئاینی، یاخود نەریتی کارەکان بەرێ دەخەن. ئەمەش وادەکات بیرکردنەوە و تێڕوانینی چالاکڤانەکانی رێکخراوەکانی ئافرەتان لەکوردستاندا کە دابەش بوون بەسەر حزب و ئاین و هەندێك جاردا مەزهەبدا هەمان تێڕوانین و بیرکردنەوە بێت کە بەهاو پیرۆزی زیاتر بە رەگەزی نێر ئەبەخشێت تا ئەوەی رەگوریشەی ئەم جیاوازیە بەردەوام بمێنێتەوە.

سەبارەت بە بوونی ئەم چەمکە و خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی جێندەر (بەختیار) توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: دەتوانین بڵێین چەمکی جێندەر ئەو چەمکەیە کە پتر دەرگیرە لەگەڵ پێوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووری، لەو جیاوازیانە دەکۆڵێتەوە کۆمەڵگاکان لە رووی کۆمەڵاتی و کولتورییەوە بە هەردوو رەگەزی نێرو مێی دەبەخشێت، نەك سروشتی پێکهاتەو توانای جەستیی و دەروونی تایبەتمەندیە سروشتی و بایلۆژییەکانی خۆیان . هەر ئەمەش وادەکات جیاوازی جێندەری لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیاواز بێت لە سەر ئاستی دەرکەوتەو گرفتەکانی، بەپێی جیاوازی کولتوری ئاستی رۆشنبیری هەر کۆمەڵگایەك. دە توانین بڵێین ئەم چەمکە تەنها لە گرفت و کێشەکانی ژن ناکۆڵێتەوە بەڵکو بەهەمان ئەندازە کار لەسەر گرفت و کێشەکانی پیاوانیش دەکات، لەبەرئەوە لەبنەمادا لەهەوڵی نەهێشتنی ئەو جیاوازیە جێندەریانەیە کە دابونەریت و کولتورێکی تایبەت دیسەپێنێت بەسەریدا .گەر لەم گۆشنیگایەوە سەری کۆمەڵگای خۆمان بکەین دەبینین خاوەن گرفتی زۆرین لەم بوارەدا، سەرباری ئەو گۆڕانکاری پێشکەوتنانەی کۆمەڵگەی کوردی بەخۆیەوە بینیویەتی، بەڵام تا ئێستا جیاوازی جێندەری زۆر بەرووونی لەسەر ئاستی خێزان، کارو پیشە تەنانەت دامەزراوەکانی دیکەش بە دیدەکەین. بە بڕوای من یەکێك لە رێگاکان بۆ کەم کردنەوەی ئەم جیاوازییە لە سیستەمی پەروەردەو خێزانەوە دەست پێدەکات بەوپێیە دوو دامەزراوەی بەرپرس و کاریگەرن، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگا زۆرترین کاتەکانی خۆیان لەم دوو دامەزراوەیەدا بەسەر دەبەن.









# نائارامی دەرونی لای تاکی کوردی پـ

**یەکێك لەهۆیەکانی پێشـــکەوتنی کۆمەڵگـــە تەکنەلۆژیایـــە، ئـــەم تەکنەلۆژیایـــە ئەوەنـــدەی پێداویســـتیەکانی تاکی دەســـتەبەر کـــردووە وایکـــردووە بـــە تەواوەتی مرۆڤ دەستەمۆ ببێت بەجۆرێك کە نەتوانێ سنورێك بۆحەزو و خواست و داواکاریەکانی دابنێت و لەئەنجامدا تووشی نائارامی دەرونی دەبێت. زۆر**

**گێلاس عەبدول، مامۆســـتای زانکۆ (لە بەشی کۆمەڵناســـی)، هۆکارەکانی نائارامی تاك لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبەســـتێتەوە بە کۆمەڵێك پاڵنەر و دەڵێـــت"** تاکەکان لەژیانی کۆمەڵایەتیانـــدا ئیرادەیەکی لاوازیان هەیە و بەبچوکترین رووداو دەڕوخێن و توشی هەڵچون و داچـــون دەبن، کە ئەمـــەش هۆکارێکە بۆ نائارامی دەروونی، کە پەیوەستە بە نا وشیاری تاك لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشـــەکانی ژیان".

**مامۆستا گێلاس ململانێکانی ژیانی تاك بە دوو شێوەدا دابەش دەکات و پەیوەندیان دەداتەوە بە نائارامی دەروونـــی تاکەکە و دەڵێ:** "دوو شـــێوە لە ململانێ هەیە، یەکەمیان ململانێی تاك لەگەڵ دەروونی خۆی بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێـــك حەز و ئارەزو، ئەمـــە لەو جۆرەیە کە مرۆڤ پێی خۆشـــە هەمووشتێك بەدەست بهێنێت، ئیتر بۆی گرنگ نیە بە چ رێگەیەك و بە کام شێوەیە دابینی دەکات، بۆیە زۆرجار دەبێتە هۆی دروســـتبوونی نائارامی دەرونی. جۆری دوهەمیان ململانێیە لەگەڵ دەورووبەری خۆیدا ئەمەش لەو جۆرەیە کەمرۆڤ لەگەڵ ژینگـــەو خێزانی خۆیـــدا دەکەوێتە ململانێوە و لە ئەنجامدا تووشـــی جۆرێك لە نائارامی رۆحی و دەروونی دەبێتەوە".

هەندێك جار گەنجان بەهۆی ئەو ململانێ دەرونیـــەی رۆژانـــە روبەڕوویـــان دەبێتـــەوە بەشێوەیەك لەشـــێوەکان توشی نائومێدی دەبن زۆربەی کات کەسێتی خۆیان ون دەکەن.

**ئەڤین غەیدان، خوێندکاری کۆلیژی زانستی کیمیا، دەڵێـــت** "ئەو نائومێدی و نائارامییەی لای گەنجان دروســـت بووە دەگەڕێتەوە بۆ باری دەروونی تاکـــەکان کەرۆژانە گەنجانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە کە ئەمەش لەبنەمادا هیچ پاســـاوێك هەڵناگرێت و بەڵکو پەیوەستە بەناهۆشـــیاری و تێنەگەیشتنی گەنجان بۆ ژیان و دروستکردنی دنیایەکی دوور لە واقع و راستی لەناو خەیاڵی خۆیاندا و هەرکات لەسەر ئەرزی واقعدا دەبینن خـــەون و خەیاڵەکانیان نەهاتوەتە دی، تووشـــی جۆرێك لە خەمۆکی یان سەر لەشـــێواوی دەبن و هیچ هیوایەکیان بۆ ژیان نامێنێت".

**کاوە عارف، دوکانـــدارە و دەڵێ** " هەرچی تاکی ئەم کۆمەڵگەیەیە نائومێدە و هەمووی بەشی خۆی کێشەی هەیە. هۆکاری گەورەی ئەم نائومێدیە دەگەرێنمەوە بۆ ئەوەی کە کەس قەناعەتی نەماوە و بە هیچ شتێك حەزەکانی تێر نابێت. ئەگەرچی باری گوزەران لە جاران زۆر باشـــتر بووە کەچی خەڵکی پێی دڵخۆش نییـــە. ئەوەی ئەمـــڕۆ بەدەســـتی دەهێنێت سبەینێ لێی پەشیمان دەبێتەوە".



# ...ــەرەدەسێنێت

**جار ئەم نائارامیە کۆمەڵێك کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لێ دەکەوێتەوە.**

**گێلاس عەبدول دەربارەی قەناعەتی تاکەکان دەڵێ** "تاکی ئێمە نازانێت وشەی قەناعەت بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی وەك فریارەسێك بەپیریەوە بێت، عەرەب دەڵێت قەناعەت سەرمایەیەکە لەناو ناچێت. بەڵام ئەم قەناعەتە دەبێت لەسەرەتاوە و لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵ فێربکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی دەست نەکەوتنی شتەکان بەرگە بگرێت و پێی نەڕوخێت، هەروەها پێویستە تاك لەئاستی توانکانی خۆیدا بەئاگابێت و بە توانای خۆی ئەرکەکانی راپەڕێنێت، بۆئەوەی بەپێی ئەو ئەرکەش چاوەڕوانی دەستکەوتەکانی بکات، لەوە زیاتر فشار نەخاتە سەرخۆی و وای لێبێت هەست بە رووخان و نائارامی بکات".

**حاجی بەکر تەمەن ٥٥ساڵ خۆی بەکەسێکی بەختەوەر دەزانێت و دەڵێت** "منیش بێبەری نیم لەو نائومێدی و دڵ تەوسانەوەیە بەڵام بەسەر خۆمیدا ناهێنم و بەهیچ جۆرێك خۆم نادەمە دەست هیچ کێشەیەکەوە. چونکە ژیان ئەوەی ناوێت. بەڵام بەراستی ژیان وەك جاران تامی نەماوە. هەرچەندە ئێستا هەموو شتێك هەیە بەڵام هەمووی دوبارە و بێمانەیە".

**گێلاس عەبدول دەڵێت** "ئەوەی حاجی بەکر دەیڵێت زۆر ڕاستە، مرۆڤ دەبێت ئیرادەی بەهێز بێت و بەسەر کێشەکانی خۆیدا زاڵبێت چونکە کەس ئەوەندەی خود بۆخۆی دڵسۆز نیە. جائەگەر هاتوو تاك لەکاتی درووستبوونی هەرکێشەیەك دەست لەخۆی بەردا، ئەوا بەرەو بێ ئیرادەیی و لاوازی دەچێت".

ژینۆ عەلی، خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، هۆکاری نائارامی دەروونی دەگەڕێنێتەوە بۆ دووبارەکردنەوەی ژیان و هەموو ئەو کارانەی رۆژانە دووبارە دەبنەوە و دەڵێ "هەر شتێکیش ئەوەندە دووبارە بێتەوە مانای خۆی لەدەست دەدات".

**هەروەها ژینۆ عەلی دەڵێ**" لەم کۆمەڵگەیەدا هەرشتێك بوو بە باو ئەوەندەی لێدەدەنەوە تا دەسوێت، چونکە ئێستا زیاتر توێژی گەنج ئەم نائارامی و بشێویەی پێوە دیارە. هۆکارەکەشی ونبونیانە لەناو کۆمەڵێك گرفتی رۆژانەی وەك ناهۆشیاریان لە بەرامبەر کۆمەڵێك بابەتی وەك پەیوەندی خۆشەویستی و ...تد. هەر گەنجێك دێت و چەندین پەیوەندی خۆشەویستی درووست دەکات بەڵام کە دەیاندوێنی تەنها بۆ کات بەسەر بردن و لاسایی کردنەوە ئەم پەیوەندیانە دەبەستن، ئیتر بۆیان گرنگ نییە دوایی چی روودەدات. وەك چۆن ماوەیەك بوبو بەمۆدێل هەموو گەنجێك سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد داهاتووی خۆیان لەناو دەبرد.

**لە کۆتاییدا مامۆستا گێلاس دەڵێ** "تاکی ئێمە خۆی نەناسیوە. واتا پێویستە تاك بەقەد لێهاتویی خۆی هەوڵ بدات بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانی، بۆ ئەوەی نائومێدی رووی تێنەکات. بۆنمونە بەجیهانیبوون و تەکنەلۆژیا ئەوەندەی شتی تازە پێشانی تاك داوە، وای کردووە تاك بەردەوام بیر لە شتە مادیەکان بکاتەوە و لە پێداویستییە رووحیەکانی دوور بکەوێتەوە".



گێلاس عەبدول

**گەنجان کاتێک دەبینین خەون و ئارەزوەکانیان نەهاتۆتە دی تووشی جۆرێک لە خەمۆکی یان سەر لێشێوان دەبن**



# گەورەیی مرۆڤ لە ئارامگرتنیدایە



مرۆڤ تا ئەو چرکە ساتەش ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، نازانێت لە ژیانیدا چی بەسەر دێت و بەرەو کوێ دەڕوات. گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە بتوانێت زۆر خۆڕاگر بێت و خۆی بەدەست ئەو واقیعانە نەدات کە هەموو ژیانی دەشێوێنێت، ڕاستە کارەساتەکان قورسن، بەڵام نابێت زاڵ ببن بەسەرماندا، چونکە نموونەیەکی وەك پەیمان نەك خۆی، بەڵکو هەموو خێزانەکەی کردە قوربانی قەدەر، دەبێت ڕازی بین بە ژیانمان، بەڵام بەو مانایە نا کە هەمیشە گریان بەرۆکمان بەرنەدات تا چارەنووس لە داهاتووی پەیمان خراپتر چاوەڕێمان نەکات.

بەهێواشی لەپلیکانەی ماڵی خۆیان دەهاتە خوارەوە و سەیری دەرگەی دەرەوەی دەکرد، دەیویست بزانێت کێیە لەدەرگە دەدات؟ بەرەو ڕووی دەرگەکە ڕۆیشت و کردیەوە، بینی دایکی (پەیمان)ە هاتووە بۆ ماڵیان، بەسەر سوڕمانێکەوە پرسی بۆچی هاتوویت خۆ تۆ ناتوانیت بۆ خولەکێکیش بەپێیەوە خۆت ڕابگریت؟ دایکی پەیمان وتی: ڕۆڵە گیان ئەمە ڕاپۆرتی کۆتایی پەیمان-م بۆ هێناوی کە ئێستا لە نەخۆشخانە وەرم گرتۆتەوە.

شێرزادی مێردی پەیمان دەستی بە گریان کرد و ڕاپۆرتەکەی لێ وەرگرت و خوێندیەوە کە لیژنەی پزیشکی بڕیاریان لەسەر تێکچوونی باری دەروونی پەیمان داوە. شێرزاد کاتێك هۆکارەکەی بۆ باس کردین هەنسك و گریان نەیدەهێشت بە تەواوی قسەکانی بکات، هەرچۆنێك بوو بۆی گێڕاینەوە و وتی: من و پەیمان بۆماوەی (٨) هەشت ساڵ هاوسەرگیریمان کردووە، بۆ چرکەساتێکیش کێشەیەکی وامان نەبووە دڵمان ئازاری پێگەیشتبێت، بەڵام چارەنووسی ژیانمان بەرەو ئاقارێکی نادیار هەنگاوی نا کە هەرگیز چاوەڕێمان نەدەکرد.

پەیمان پیشەی مامۆستا بوو، کەسێکی زۆر جددی و بە ئیلتیزام بوو، هەرگیز نەیدەهێشت بۆ خولەکێکیش لە قوتابخانە دوابکەوێت و لەکاتی دیاریکراودا دەگەیشتە قوتابخانە، بەڵام ڕۆژێك هاتە پێشەوە کۆتایی هێنا بە کارە جددی و ئیلتیزامەکانی. ئەو ڕۆژەش ئەو چرکەساتە بوو کە ویستی لە گەراجی ماڵی خۆمان ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بباتە دەرەوە و بڕوات، کاتێك زانی گوێی لەچریکەی گریانی (زریان) بوو، لەو کاتەدا لە ژوورەوە بووم بەپەلە ڕامکردە دەرەوە کە چووم بینیم پەیمان لەهۆش خۆی چوو بوو، تاسابووم نەمدەزانی چی ڕوویداوە، چونکە زریان لای منەوە دیار نەبوو، چوومە ئەو دیو ئۆتۆمبێلەکەوە بینیم زریان کەوتۆتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەوە، پەیمان ئەو کاتەی ویستویەتی ئۆتۆمبێلەکە بباتە دەرەوە کە هاتۆتە دواوە زریانی نەبینیبوو بە ئۆتۆمبێلەکە بەسەر زریاندا ڕۆیشتبوو، زریانی کچم هێشتا (٢) ساڵی تەواو نەکردبوو. نەمدەزانی پەلاماری زریان بدەم یان پەلاماری پەیمان بدەم و بیانبەم بۆ نەخۆشخانە بۆیە هەرئەوەندەم پێکرا هاواری ماڵە دراوسێکانمان کرد، تا فریامان بکەون.

شێرزاد پاش بێدەنگییەك دووبارە کەوتەوە قسەکردن و وتی: نازانم زریان چۆن چوو بووە دەرەوە، هەموو ڕۆژێك پەیمان جلەکانی زریان و دابانی دەگۆڕین و لەلای من بەجێی دەهێشتن تا پاسی دایەنگە دەهات بەدوایاندا و بۆ دایەنگە دەیبردن، ئەو ڕۆژە ئاگام لە زریان نەبوو، پەیمانیش بەپەلە ڕۆیشت بوو نەیزانیبوو زریان دوای کەوتووە تا ئەو کاتەی زریان چۆتە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەی پەیمان. لەدوای کارەساتەکە زریان و پەیمانمان بۆ نەخۆشخانە برد، پاش کەمێك پەیمان بەهۆش خۆی هاتەوە، بەڵام بەداخەوە هەر زوو زریان گیانی سپاردبوو. ئیتر لەم ڕۆژەوە دەروونی من و پەیمان زۆر خراپ بوو، هەرچۆنێك بوو من باشتر بووم، بەڵام لەبەرئەوەی پەیمان خۆی بە گوناهبار دەزانی لایەنی دەروونی خراپتر بوو، هەرچەند ئەوە قەدەرە دەبێت پێی ڕازی بین، بەڵام سروشتی مرۆڤ لەبەردەم ئەو کارەساتانە زۆر لاوازە هیچ بەرگەی ناگرێت، بەتایبەت کارەساتێکی لەو چەشنە، پەیمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت.

شێرزاد هەستا و ڕۆیشت وێنەیەکی بۆ هێناین کە بەخێزانی چەند ڕۆژێك پێش ئەو کارەساتە گرتبوویان، وێنەکە زۆر کاریگەریی لەسەر شێرزاد تەنانەت لەسەر ئێمەش هەبوو، ڕۆژگارێك پیشان دەدا چەندە ئەو خێزانە بەختەوەر و دڵشادبوون. لەدواییشدا وتی: هەرچیەکم کرد بۆئەوەی ئەو کارەساتە لەبیر پەیمان بەرمەوە سوودی نەبوو، تەنانەت نەیتوانی درێژە بە خزمەت و مامۆستایەتیەکەی بدات، چونکە کۆنترۆڵی باری دەروونی خۆی بۆ نەدەکرا، هەمیشە ئەگریا و هاواری دەکرد.

بیرم کردەوە ئەگەر بێت و سەفەرێك بکەین و بۆ چەند ڕۆژێك لەو ماڵە دوور بکەوینەوە کەمێك باشتر دەبێت، بۆیە سەفەرێکمان بۆ شاری دهۆك ڕێکخست، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، وتم خانوو و ئۆتۆمبێلەکەی دەفرۆشم، بۆئەوەی لەو خانووە نەمێنین، بەڵکو لەبیری بچێتەوە، بەڵام ئەوەش سوودی نەبوو، چونکە تەواو کاریگەری لەسەر پەیمان دروست کردبوو، تادەهات ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپیی دەڕۆیشت، ناچاربووم ببیەم بۆلای پزیشکی دەروونی تاچارەیەکی بۆ بکات، دوای چەندین دانیشتنی پزیشك، هەر سوودی نەبوو. بۆیە پزیشك پێی وتین دەبێت لەنەخۆشخانە بمێنێتەوە تاچارەسەری بۆ دەکرێت. من ڕازی بووم، بەڵام پەیمان ڕازی نەبوو. هەرچەند حاڵی خراپ بوو، شەو تا بەیانی کارویپیشەی هەر گریان بوو، لەدواییدا دەستی دەکرد بەقسەی بێسەر و بەرە و کاری زۆر نابەجێی دەکرد، دواتریش دەگریا. نەمدەزانی چی بکەم، ناچار دووبارە لەگەڵ دایکی و باوکی (کە زۆر بە تەمەن بوون) بردمانەوە بۆ نەخۆشخانە، پزیشك دووبارە پێیوتین نابێت ئەمجارە بیبەنەوە، چونکە حاڵی تا دێت خراپتر دەبێت و باری دەروونی زۆر خراپ بووە. بەناچاری بەجێمان هێشت، دوای (٤) چوار ڕۆژ لە پشکنینەکان دەرچوو پەیمان باری دەروونی خراپە و تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، ناتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی ڕەفتار بکات و خێزانەکەی بەڕێوە ببات. لەو چرکەساتەدا دایکی پەیمان ڕاپۆرتەکەی نیشان دام تەواو هەموو ژیانم لەبەرچاو ڕەش بوو، ئیدی هیچ ئومێدێکم بە ژیان نەماوە، تەنیا لەبەر کورەکەم دان بەخۆمدا دەگرم و هەمیشە نزای چاکبوونەوەش بۆ (پەیمان) دەکەم.



# بـــۆچی (سـ

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

## ئەنجامدانی تاوانێکی کوشتن

(سدیق) لە بەیانییەکەوە سەر گەرمی دابەشکردنی نەوتی پسوولەی خۆراك بوو، هیلاك و شەکەت ببوو، خەڵکەکە زۆر بوون هەر تەواو نەدەبوون، کەسیش سەبری نەبوو، هەر کەسەو و خوا خوای بوو نۆرە بڕی بـــکات و زوو نەوتەکە وەربگـــرێ و بڕوات، کـــەس یارمەتی ئەویتری نەدەدا، لەولاشـــەوە (سدیق) خوا خوای بوو دابەشکردنەکە زوو تەواو ببێ و لە دەســـت ئەو غەڵبە غەڵب و بۆڵە بۆڵە رزگاری ببێ کە ئەو خەڵکە دروستیان کردبوو، سێ بەشی خەڵکەکە جـــارێ نۆرەیان نەهاتبـــوو، رێگەیان نەدەدا کەس نۆرەبڕی بکات، پیرەژنێك چەند کەســـێکی لە پێش بـــوو، ئەو ناوەی وەڕس کردبوو، پیرەژن نەیدەزانی هێمنی و بێدەنگی چییە، هەمیشە پرتە پرتی بوو، یەکێك نەوتی وەربگرتایە و بەرمیلەکەی پڕ بووایە ئیتر خوا هاوارە، تیـــر و توانـــج و ناڕەزاییەکەی تەواو نەدەبوو، هەمیشە دەیوت: بزانە (بزانە چ زوو نەوتەکەیـــان دایێ، خۆ زاری نەکردەوە بڵێ با نۆرەی خۆم بدەمە ئەو پیرەژنە و ئاخر بەو ســـەرمایە گوناهە رایبگریـــن، چ دەبوو، خـــۆ دنیا کاول نەدەبوو ئەگەر زووتریان بەرێکردبام. ئیتر بەردەوام دەبوو لەو قسانە...)(سدیق) و خەڵکەکەش نەیدەزانی چ بکەن. ئەوانە لەو بارودۆخەدا بوون(عەبدوڵلا) ناوێك بەرمیلی خـــۆی هێناو لە ریزی هەرە دواوەی دانا و بەخۆشـــی هاتە پێشەوە و ســـەیری هەرایەکەی دەکرد، کابرایـــەك دوو ســـێ هەنگاو لـــە پێش پیرەژن بـــوو، لەگەڵ ئەوانەی پێشـــەوەی و ئەوانەی پشتەوە بە تەواوەتی لە پیرژەژن بێزار و وەڕس ببوون، دەیانویست بەهەر رێگەیەك بایە پیرێژنیان لە کۆڵ بایەوە..(عەبدوڵلا)ش کابرایەکـــی بـــێ ئۆقرە و بێ حەوســـەڵە بوو، تەماشـــای چۆنیەتـــی پڕکردنی بەرمیلە نەوتەکان و بەڕێکردنی نۆرەی دەکرد، چاوی دەگێڕا دەرفەتێك پەیدا ببێ ئەویش بیکاتە هەرا و بیقۆزێتەوە و نۆرەبڕییەکەی پێ بـــکات، پیرەژنیش لە بۆڵە بۆڵەکەی بـــەردەوام بوو، هەتا دوو ســـێ پیاو لەگەڵ(سدیق) رێککەوتن، بەڕێـــی بکەن و رزگاربن لە دەســـتی، ئینجا بانگی پیرێژنیان کـــرد و بەرمیلەکەیان هێنایە پێشـــەوە و پـــڕ نەوتیـــان کرد(عەبدڵلا) ئەوەی بەدەرفەت زانی و ئەویش چووە پێشەوە و لـــە دڵـــی خۆیدا بڕیاریـــدا ئەویش هەرایـــەك بخولقێنێ، جا یـــان دەبێ ئەویش نۆرەبڕی بکات و بەڕێی بکەن یـــان نابێ کەس نەوتـــی بەرکەوێت و بیدرێتێ، پیرێـــژن بەرمیلە نەوتی بۆ پڕ کـــرا و بەڕێیان کرد(عەبدڵلا) هاتە پێشەوە و رووی دەمی لە(سدیق) کرد و وتی: من لە بەیانییەوە لێرە راوەستاوم و چاوڕێم نەوتم بەرکەوێت و بڕۆمەوە،

(عەبدوڵلا)دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و لە لێکۆڵینەوەدا ددان بە تاوانەکەی دەنێ، ئەو پۆلیسەی کە بەرزەوتی کردبوو، شایەتی راستەقینەی رووداوەکە بوو

کەچی تۆش نۆرەبڕی بۆ ئەو پیریژنە دەکەی و بە پێشمانی دەخەیت..؟

(سدیق) و خەڵکەکەی ئەویش چەندی بۆیان روونکردەوە کەچی کابرا نەدەچووە گوێی، بڕیاری دابوو لە هیچ قسەیەك نەگات، کردیە هەڵلا و یەك ئەوسەری دیار نەبێت، ئیتر مشتومڕ و بینە و بەردە گەورەتربوو، لەگەڵ (سدیق) بووە دەستەوە یەخەیان، سۆندە نەوتی لە دەست(سدیق) وەرگرت و نەوتی بەو گوڕە وەرکرد، ئەویش پەلاماری دا سۆندەکەی لێوەربگرێت، خەڵکەکە هەموو لایەنگری (سدیق) بوون، ئەوەش هێندەی دیکە شێتگیرتری کردبوو، ئیتر بووە شەڕە مستیان و کەوتنە گیانی یەکتر، (سدیق) سێ چوار مستی خێواندە قەبرەغەی (عەبدوڵلا) و دوو سێ جارانی بە بەرمیلە نەوتەکانی دادا، کابرایەکی پۆلیسیش بەخۆو بە تفەنگەوە هاتبووە ناو شەڕەکە و دەیویست (عەبدوڵلا) بەر زەوت بکات کەچی بەرزەوت نەدەبوو، ئیتر(عەبدوڵلا) دەرفەت وەردەگرێ و تفەنگەکە لە دەست پۆلیسەکە دەڕفێنێ و سواری دەکات و لوولەی تفەنگ لە سینگی (سدیق) دەکات و دوو سێ گوللەی پێوە دەنێ و هەر لە جێیەوە تەپەی لێوە دێنێ و بەریدەداتەوە سەر زەوی، خەڵکەکەی ئەوێ کە چاویان بەو رووداوە دەکەوێ، لە ترسی گیانی خۆیان هەریەکەی بەلایەکدا هەڵدێ،

بەڵام پۆلیسەکە دەزانێ چ تاوانێك بە تفەنگەکەی قەوماوە، خۆی دەهاوێتە سەر(عەبدوڵلا) و بەریدەداتەوە سەر زەوی و تفەنگەکەی لێوەردەگرێتەوە و بەرزەفتی دەکات هەتا پۆلیس دێن.

## دوای تاوانەکە

دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و لە لێکۆڵینەوەدا دان بە تاوانەکەی دەنێ، ئەو پۆلیسەی کە بەرزەوتی کردبوو، شایەتی راستەقینەی رووداوەکە بوو، لە دادگادا وتی: کابرایەکی تووش و بێ حەوسەڵە بوو، تووڕە و شێتانی بوو، لە هیچ و خۆڕایی ئەو کێشەیەی دروستکرد کە هیچ پێویست بەو کێشەیە نەبوو، لەسەر شتێکی پووچ تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا و کابرایەکی بێ سووچ و گوناهی و کوشت، وەڵلا حەقەمستی هەموو سزایەکە. ئەوجا پاش چەند مانگێك لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن، دادگا بڕیاریدا (١٠) ساڵی رەبەق زیندانی بکرێت، دەبی لە زینداندا برزێتەوە و ئەو عومرەی هەیەتی لە زینداندا بیباتە سەر.

بەمجۆرە سزای مستەحەقی خۆی وەرگرت و ئەویش لە خەفەتی ئەو کارە نا بەرپرسیارییە و ئەو تاوانە زەقەی کە کردبووی و ئەو حوکمە قورسە، لە زینداندا وەکو دێوانەی لێهات و مەگەر خودا بەخۆی بزانێ تا چەند لە زینداندا دەمێنێتەوە و بەرگە دەگرێ!

ئیتر(عەبدوڵلا) دەرفەت وەردەگرێ و تفەنگەکە لە دەست پۆلیسەکە دەرفێنێ و سواری دەکات و لوولەی تفەنگ لە سینگی(سدیق) دەکات و دوو سێ گوللەی پێوە دەنێ



# دیق) کوژرا



# فەیسبووک ڕێگەیەک بۆ یەکترناسینی گەنجان یان دەربڕینی ناخە چەپێنراوەکان

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لەکوردستان دا دەبینرێت بە تایبەت لە بواری پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا کە ژیانی مرۆڤایەتی ئاسان کردووە بەوەی لە ماوەیەکی کورت بە تونایەکی کەم بگەین بە ئامانجەکانمان، لەوانەش ئینتەرنێت توانیویەتتی پێوەندی هاوڕێیەتی نێوان تاکەکان ئاسانتر بکات. بەڵام ئەم ئاسانییە چەندین کێشەو گرفتی بۆ تاك دروست کردووە، بەشێوەیەك کە تاکی تووشی دڵەڕاوکێ و گومان کردووە لەبەرامبەر یەکتریدا، بەهۆی ئەوەی لەژێر پەردەوە ناو و ناوبانگ، وێنەی خۆیان دەگۆڕن. فەیسبووك ئەو سایتە ئەلەکترۆنیەیە کە گەنجانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بزانین بەشداربووانی ئەم سایتە چۆن پێناسەی ئەم ماڵپەڕە ئەلەکترۆنیە دەکەن.

> **کچان: باوەڕمان بە قسەی کوڕان نییە کە لە فەیسبووکدا دەیکەن**

> **کوڕان: حەز دەکەین کچان وێنەی خۆیانیان دابنێن بەڵام دەترسن**

زریان عەلی خوێندکار لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی دەڵێت "وەك بەشداربوویەك لەفەیسبووکدا، لە ڕێگەی ئەم سایتە ئەلیکترۆنیە توانیومە کۆمەڵێك هاوڕێ بناسم، لەگەڵ ئەوەشدا بەسایتێکی خراپی نازانم و لەگەڵ خراپ بەکارهێنانیشی نیم، وەك کۆمەڵێك لە هاوڕێیان باسی هەندێك لەلایەنە خراپەکانی ئەم سایتە دەکەن، بۆنموونە کچەخاڵەکەم کە دانیشتووی وڵاتی سویدە لەفەیسبووکدا بەشدارە، بەڵام ناوێرێت وێنە خۆی لەپرۆفایلەکەیدا دابنێ، بەڵام من وێنەکەی خۆم داناوە و هیچ کێشەیەکیشم بۆدروست نەبووە، بەبەردەوامیش لەگەڵ هاوڕێکانی فەیسبووکدا پێوەندیمان هەیە و هەر لە ڕێگەی ئەم سایتەوە ڕۆژانە چەندین زانیاری وەردەگرم و لێی سوودمەند دەبم، هەر لەناسینی هاوڕیان و هاوکاریکردنی هاوڕێکانم تا دەگاتە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی لەسەر فەیسبووك دادەنرێن".

رامین محێدین کە ئەمە ناوی فەیسبووکەکەیەتی بە وتەی خۆی یەکێکە لەبەشدارە چالاکەکانی فەیسبووك و دەڵێت "ئەم ماڵپەڕە توانیویەتی کۆمەڵێك لە هاوڕێ دێرینەکانم کە بەهۆی سەفەر و هەندێك ڕووداوەوە لەیەکتری دابڕابووین، کۆبکاتەوە. بەڵام ئەگەر بەگشتی باسی چۆنیەتی فەیسبووك بکەم هەندێك لەهاوڕێ کچەکانم کێشەیان بۆ دروست بووە لە کاتی کردنەوەی فەیسبووك دا، وەك داواکردنی پێوەندی خۆشەویستی یاخود داواکردنی دەرهێنانی وێنە، دیارە کە ئەوەش بۆ کاری خراپە ئەگینا وێنەی کچانیان بۆچیە؟ بۆچی کەس داوای وێنەی من ناکات. هیوادارم ئەم دیاردە ناشیرینانە نەمێنێ بۆ ئەوەی بتوانین سوودێکی باش لەم ماڵپەڕە وەربگرین".

ئەژی کامیل بەکارهێنێکی فەیسبووکەو کە ناو و وێنەی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ئەندامانی بنەماڵەکەی نەزانن ئەوە تەنیا لەسەر کارەکەی ئەم ماڵپەرە دەکاتەوەو دەڵێت "براکەشم لە فەیسبووکدا بەشدارە، بۆیە ناو و وێنەی خۆمم دانەناوە، هەتا ڕۆژێك براکەم ویستی چاتم لەگەڵ بکات، چونکە ئاتم کردووە، بەڵام وەڵامم نەدایەوە، بەردەوام دەینووسی بۆچی وەڵامم نادەیتەوە. ئەمە تەنیا لەبەرئەوەی کە من ناوەکەم کچە، باشە دەپرسم ئاخۆ دەبێت چەندی وەك من بەم شێوەیە فەیسبووکی دانابێت. کوڕان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە کچان بەقسەکانی خۆیان ئیستیغلال بکەن. من دەڵێم فەیسبووك پێویستی بە کچی زۆر وریا هەیە، ئەگینا کێشەیان بۆ دروست دەبێت یاخود نابێت بەهیچ جۆرێك وێنەی خۆیان دابنێن، ئەگەرچی هەندێك لە کوڕانیش وێنەی خۆیانیان دانەناوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەرچیان پێخۆش بێت دەیکەن و دوایی دەیسڕنەوە و دەیگۆڕن بۆ ناوێکی تر. ئەمانە هەمووی لایەنە خراپەکانی فەیسبووکە.

سەلمان کاوە ناوی فەیسبووکەکەیەتی و وێنەیەکی جوانی بیانی داناوە، دەڵێت ڕۆژانە بۆماوەی ٣کاتژمێر و شەوانەش بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لەسەر فەیسبوك دەبم. هاوڕێیانم زۆرن نزیکەی ٦٥٤هاوڕێم هەیە، نزیکەی ٨٨هاوڕێی کچم هەیە. ٤پێوەندی خۆشەویستیم لەناو ئەم سایتەدا هەیە. دووانیان بە پێشنیاری خۆم بووە، بەڵام دوانەکەی تریان بە پێشنیاری کچەکان بووە. ئەم پێوەندیانە تەنیا خەیاڵن و مرۆڤ بۆ چەند کاتێك مەشغوڵ دەکات، خۆ ئەگینا هیچ کات ئەم پێوەندییە ناکەمە پێوەندی هاوسەرێتی، کچەکان بۆ خۆشیان هەمان باوەڕیان هەیە، بەڵام سێیەمەکەیان ئەگەر بۆم رازی بکرێت هەوڵئەدەم بڕیاری هاوسەری پێبدەم و زۆریش وابەستەی خۆمم کردووە، چونکە ئەو لە ئەوروپایە ئەوەندە باسی کوردستان و کورد بوون و نیشتمانم بۆ کردووە، خەریکە شێت دەبێت بۆ ئەوەی بێتەوە، ئەگەر ئەو پیلانەی بۆم داناوە سەربگرێت، ئەوا دەیهێنم بۆ ئەوەی سەفەرەکەی دەرەوەم مسۆگەر بکرێت، ئەگەر چی باوکم زۆر مەزهەبیەو پێموانیە رازی ببێت بەو هاوسەرییەی من، بەڵام هەوڵی خۆمی بۆ دەدەم".



# کات کوشتن و بەفیڕۆدانی پارەیە

چێنەر نزار – هونەرمەند (پەیکەر ساز).

چاتکردن یا دەتوانین بڵێین یەکترناسین و گفتوگۆکردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، بۆتە حاڵەتێکی دیار، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەرەوپێش دەچێت. هاوکات لەگەڵ چوونە پێشەوەیدا کێشەکانیش بەرەو هەڵچوون دەچن. یەکێك لەو فاکتەرانەی لەپشت چات کردنەوەیە مەهامێکی شاراوەیە، لەئێستادا گەنجان بۆ کات بەسەر بردن و خۆدەرخستنیان بەشێوازێکی باش هەوڵ ئەدەن خۆیان لەبەرگێکی دیکەدا پیشانی بەرامبەرەکەیان بدەن، بەتایبەت بۆ مەسەلەی پرۆسەی هاوسەرگیری یان دۆزینەوەی هاوڕێ، کە زۆرجار لەپێناو ئەو بەرژەوەندیانەدا رەگەزی خۆیان دەگۆڕن. چەندین گرفت لەرێگەی چات کردنەوە دروست بووە، سەرەکیترینیان کات کوشتن و بەفیڕۆدانی پارەیە وەك جۆرێك لێڕاهاتن ئەمکارە ئەنجام ئەدەن، چونکە ئەو کەسانەی ئینتەرنێت تەنیا بۆ چات بەکاردەهێنن ناتوانن سوود لەهیچ زانیارییەکی دیکەی ئینتەرنێت وەربگرن، هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە هاوڕێیەکی نوێ پەیدا بکەن. ئینتەرنێت لەماڵەکاندا زیاتر رێگەخۆشکەرە بۆ چات کردن، تەنانەت ئەو کەسانەی چات زۆر دەکەن لەکارەکانی دیکەی ژیانیاندا وەك پێویست نین، بێگومان ئەمەش غەریزەیەکی شاراوەیە پاڵی پێوە دەنێت بۆ چەندین کاری نەشیاو نەگونجاو کە زیاتر گەنجان پێوەی سەرقاڵ دەبن.

# وەرگرتن و بەخشینی زانیارییە

تارا ئەحمەد – مامۆستای ناوەندی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا چەندین لایەنی سودمەندی هەیە، لەوانە ئینتەرنێتە، لەلایەنە باشەکانی ئینتەرنێتیشدا چات کردنە. لەرێگەی چات کردنەوە تاکەکانی سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان دەتوانن یەکتر بناسن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان بکەن، کەواتە ئەو کۆنتاکت و پێوەندیەی لەرێگەی چاتەوە دەکرێت، ناتوانرێت لەرێگەی هیچ دامەزراوە یاخود لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیەوە بکرێت. تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەرجەستەبووە، ئیدی دەبێت لەو رێگەوە سوودمەند بین. دەبینین چەندین پرۆسەی هاوسەرگیری سەرکەوتوو یان هاوڕێیەتی سەرکەوتوو دەستەبەربووە، هەروەها دەتوانرێت لەرێگەی چاتکردنەوە کەسانێك بناسین کە زانیاری لەسەر کۆمەڵگە و شێوازی ژیانیان وەربگرین، لێرەدا ئەمە کات بەفیڕۆدان نییە، بەڵکو راستەوخۆ دەچینە ناو شێوازی ژیانە کۆمەڵایەتی و گشتیەکانی دیکەی مرۆڤایەتیەوە.

چات کردن سادەکردنەوەی مرۆڤەکانە ئەگەرچی لەوپەڕی دەسەڵات و ئەرکدابن، بۆیە دەبیین زۆربەی سەرکردە و هونەرمەند و رۆشنبیرەکانی جیهان بیریان لەوە کردۆتەوە کە زۆرترین کەس لەرێگەی چات کردنەوە بۆلای خۆیان رابکێشن. زۆرجار تاکەکان رەگەزی خۆیان دەگۆڕن، بەڵام ئەمەش لەسەرەتادا بۆ ناسینی ئەو کەسانەیە کە دەبنە هاوڕێ و دواتر دەتوانیت رەگەزی سەرەکی و ناسنامەی خۆت بەدروستی بگەیەنێت. بۆیە دەکرێت بڵێین چات کردن یەکێکە لەهۆکارەکانی هاوڕێ گرتن و وەرگرتن و بەخشینی زانیاریەکان.

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com